

# دوای ئەوە؟

**هەدیە حسێن**
**لە عەرەبییەوە: جیهان عومەر**

پیاوەکە... تۆ چۆن بڕوام پێناکەی من مێردەکەمم کووشتووە؟
دەی؟ پێویستە لەسەرت گوێم لێ بگریت.. دوای ئەوەی گوێ دەگریت، بڕوا بکە و.. دوای ئەوەش کەلەپچە بکە دەستەکانمەوە.. لەوە دەچێ تۆ خۆشحاڵ بیت بەوەی بۆت دەگێڕمەوە.. چاکە.. مێردەکەم پیاوێکی چاکە لەوە زیاتر وەک پێویست.. چاکە تاوەکو سنووری نەفامی.. چاکییەکەی بۆ کاتی جەنگ چاک نییە..
ڕۆژێک بردیان بۆ مەڵبەندی پۆلسیخانە لەبەر ئەوەی ڕازی نەبوو فیشەکم پێوە بنێ.. بە منەوە..

# دەق

دەزانی کێ هەقی ئەوەی هەیە فیشەکێکی پێوە بنرێت؟ .. پیاوەکە یارمەتیم بدە من هەموو شتێکم لەبیر نییە.. هەوڵ بدە لەگەڵمدا بە ڕووداوەکەی چونکە بیرم چەقبەستووە.. دەزانی؟ هەندێکجار سەرزەنشتیم دەکردو هەندێکجار تووندوتیژیم لەگەڵ بەکار دەهێنا..
دەبێت فیشەکێ بتەقێنێ ئەگەرنا پێوەی دەنێن.. دەزانی ترسنۆکە، چونکە نەیتوانیوە یەک فیشەک بتەقێنێ؟ منیش هەر وام وت، ئەوەی سەیرترە ئەو هەڵنەچوو، بەڵکو لە پێکەنیندا نووقم بوو.. بەردەوام پێدەکەنی، بەشێوەیەک پێدەکەنی هەموو مێشکمی تێکدا، دەنگی گەیشتە حەوت ماڵە دراوسێ..
دراوسێی یەکەم و دووهەم و سێهەم، هەروەها چوارهەم و پێنجەم و شەشەم.. بەوە وازیان هێنا هەر هەموویان جوێنیان پێ دا.. بەڵام حەوتەم دەمانچەکەی هەڵکێشاو بە تووڕەییەوە لەلای دەرگاکەوە وەستا.. ئەوە لە شەوێکی رەشەبای خۆڵاویدا بوو، لە بیرمە؟ لەوە دەچێ تۆ بڕوام پێ نەکەیت..
ئەوەی لە سەرتە پێویستە دانپیانانەکەم بە راستی وەربگریت..
شتێکی تریش هەیە، کە پێت دەڵێم لەوانەیە ئەوە بڕواکردنەکەت بگۆڕێت، من ئافرەتێکم پێش دەساڵ شووم کردووە، لە شەوی بووکێنیمدا باران باری.. هیچ شەوێک وەک ئەو جارە ماڵەکان و شەقامەکان ژێر ئاو نەکەوتن.. خەڵکی بە هەموو لایەکدا رایان دەکرد.. دەنگی بارانەکە زۆر ترسناک بوو.. بڕوانە فرۆکە گەورەکان لە ئاسماندا دەوەستان و بارانی رەشیان دەباران بەسەرماندا، ئەوەی لە هەمووی سەیرتر بوو ئاگر لە هەموو جێگەیەک بەربووبوو.. تەنیا تۆ دەزانی بۆچی ئاگر هەڵگیرسابوو.. بەڵام مێردەکەم هەڵهات و چووە ژێرزەمینەکەوەو خۆی شاردەوە بە بەرگی بووکێنییە دووراوەکە، کە بە تاڵی سێپەرە و هیچ کات پیس نەبووبوو..
لەو شەوەدا بڕیارم دا تۆڵەی ژنایەتیی خۆمی لێ بکەمەوە.. من مافی ئەوەم نییە ئەو ئافرەتەی کە تامەزرۆم بوو پیاوێک لەگەڵمدا بمێنێتەوە لە شەوی بووکێنیمدا، شەوێک کە ئەندامی شەرمی خەڵکی دەرکەوێت؟ خەڵکی هەبوو بە رووتی هەڵدەهاتن، چونکە کاتیان نەبوو جلەکانیان لەبەربکەن.. پیاوەکە، بۆچی بە ساردییەوە لێم دەڕوانی؟ من باسی سەمەرەت بۆ دەکەم، کەچی تۆ وەک پەیکەرێک جووڵەت نییە.. گوێ بگرە، شتێکت بۆ باسدەکەم، کە ئێستا بە مێشکمدا هات.. تۆ لە مێردەم دەچی.. سەیرە، چونکە پێم نەزانیوە بەم لەیەکچوونە.. نا.. نا.. رەنگی پێستەکەت نا، وەرچەرخانی سیماشت هەر نا.. نەخێر سمای لووت یان چرپی سمێڵەکانت.. بەراوردکردنی لێوەکانت لەگەڵ لێوەکانیا نابێ.. لەگەڵ ئەوەشدا هەر لەو دەچی.. دەزانم کە تامەزرۆی ئەوەی بزانی لەیەکچوونی سیماتان چییە، تۆ مەجبووری ئەگەر سەربکەیتە سەرم و پێم نەوتی بە چی لەیەک دەچن فەرمان بدە بە پیاوکوژەکان ئەوەی لەسەر زمانمە و حەزەکانت بەجێدەهێنێ.. بەڵام بۆچی بەو شێوە ناشیرینە هەوڵدەدەیت دانپیانانەکانم لێ وەربگریت؟ لەگەڵ ئەوەی من بەپێی خۆم هاتووم کە دان بنێم بە تاوانی کوشتنەکەدا.. گوێ بگرە هەواڵێکت پێ رادەگەیەنم، بەڵام پێش ئەوە تۆزێک ئاوم دەوێ، چونکە لە تینواندا لەشم وشک

بووەتەوە.. بۆچی بەخیلیم پێدەبەی بۆ ئاو لە کاتێکدا خاوەنی شیرنترین رووبارین لە دونیادا؟.. دەڵێن هەوڵ دەدەیت بۆ وشککردنی بە پاساوی ئەوەی بەکەڵکی خواردنەوە نایەت، ئەمە راستە؟.. ئا.. لەبیرم چوو.. تۆ ئاوی پاکژکراوە دەخۆیتەوە کە لە سنوورەوە بۆت دێت..

پێم بڵێ، ئایا کێڵگەکانت و ماسییەکانت بە ئاوی پاکژکراو ئاو دەدرێن؟ بۆچی وا لێم دەڕوانی؟ من لە پرشنگی چاوەکانت دەترسێم.. چاوەکانت لە چاوی گورگ دەچن و منیش لە گورگ دەترسێم.. دەزانی گورگ یوسفیان خوارد.. یوسف کێیە؟.. سەیرە، چۆن نایناسی لەگەڵ ئەوەی سەدەها جار دووپات بووەتەوەو سەدەها جاریش مردووە؟ جارێک بەر گورگ، جارێک بە جەنگ، جارێک بە برسێتی، جارێک بە ناپاکیکردن لێی، جارێک بە ئابڵۆقەدان، جارێک بە نامۆیی، جارێکیش کە خستیانە ناو بیرەکەوە.

بەڵێ تۆ لە مێردەکەم دەچی.. تەنیا جیاوازیی نێوانتان تۆ یەکسەر فیشەک دەتەقێنی، ئەو یەکسەر رادەکا هەر کە ئاسمان ئاگری دەباران، من ئافرەتێکی تەنیام، نازانم کێ منی هێنا بۆ ئێرە، من ئەو سیمایانەم نەبینی کە منیان هێنا بۆ ئێرە، چونکە دووکەڵ بەری چاوی گرتبووم، ئێستا من لە بەردەستدام، دان بە تاوانەکاندا دەنێم، تۆش چاو ناتروکێنی لە تێڕوانین بە لەشمدا،.. تۆ ئەمەندە تامەزرۆی لەشمی، بڕوا ناکەیت ئەوەی خاوەنی ئەم لەشەیە پیاوکوژە؟ چاکە لەش بخەرە لاوە تاوانەکە ئاشکرایە و دیارە.. وابزانم دەمانچەکەت پێیە، وانییە؟ بۆچی فیشکێکم پێوە نانێیت؟ تەنیا تۆ بۆت هەیە خەڵک بکوژی بێ ئەوەی کەس بۆی هەبێت لێپرسینەوەت لەگەڵدا بکا، لەگەڵ ئەوەشدا پەشیمانی وەک ئەوەی مێردەکەم کردی، بەڵام دراوسێی حەوتەم بێدەنگ نەبوو.. لە بەردەمی دەرگاکەدا وەستاو داوای لێکرد بوەستێ لە پێکەنین، تۆ چۆن پێدەکەنی لە کاتێکدا ئاسمان دەسووتێ؟ بەڵام مێردەکەم لە سووچێکی ماڵەکەدا خۆی شاردووەتەوەو فەرمانی پێ دام دراوسێییەکەمان ئاگادار بکەمەوە، کە تەلەفزیۆن پێدەکەنێ، بەو بە من، بە خەڵکی، بە هەموو.. دراوسێی حەوتەم دەمانچەکەی گێڕایەوە بۆ پشتێنەکەی، لەوە دەچێ بڕوای هێنا دوای ئەوەی لەسەر کراسەکەوە لێی دەڕوانیم، بەڵام مێردەکەم ئەو پێکەنینە زاڵبوو بەسەریدا.. بەردەوام هەر پێدەکەنی و پێدەکەنییەوە، لەکاتێکدا سووتاندن زیاتر دەبوو، تەنیا ئەوەی توانیم بیکەم، فیشەکەکانی لەسەریدا بەتاڵ بکەمەوە..

ئەوەی جێگەی سەرسووڕمانە، مێردەکەم دەمانچەی نییە، چونکە لە زووەوە چەکیان کردووە، منیش هونەری کوشتن نازانم، من، من..

تکایە چاوەکان دوور بخەرەوە لە سنگم، ئەوەم لەگەڵ مەکە کە مێردەکەم لە شەوی بووکێنیدا نەیتوانی لەگەڵمدا بیکات.. دوای ئەوە، تۆ لە رەشەبا ناترسی؟!.. لەبیرت چوو، رەشەبا پێش دەساڵ کۆتایی هاتووەو یوسفیش گورگ خواردوویەتی.. بەڵام ماڵەکەمان سەگە هارەکان هاتنە ناوییەوە بەهۆی ئامێرە چاو درێژە نەبینراوەکانیانەوە، دەڵێن تۆ فەرمانت دابوو.. تۆ چاودێریمان دەکەیت لە یەکێک لە سووچەکانی سەقفەکەوە، یان لێمان دەڕوانی لە نێوان پەنجەرەکانەوە؟ یان لە پشت دیوارەکانەوە؟.. دایکم دەڵێ دیواریش گوێ هەیە

## دەق

من لە کۆنەوە دەگەڕێم بۆ ئەو گوێچکانە، بەڵام سوودی نییە، بەو بۆنەیەوە، دایکم پێش دەساڵ ئەمری خوای کردووە، بەتایبەتی لە شەوی یەکەمی رەشەباکەدا، هەروەها باوکیشم،.. نەء.. لە شەوی یەکەمدا نەمرد.. وابزانم لە پێش ئەوەدا مرد لەبەر ئەوە بەختەرەوە، چونکە گۆڕێک و کێلەکانی بۆ ئامادەکرا..

ئا.. لەبیرم چوو.. پێم وت کە بەخت خیانەتی لێ کرد دوای دوو ساڵ لە ناشتنی؟ بەڵێ.. کێلەکانیان دزی و گۆڕەکەی دیار نەما، کەوتە ژێر قیرتاوی شەقامەکەوە بە فەرمانی پارێزگاری شار.. شەقام پێویستە، بەڵکو لە مردووەکانیش زیاتر پێویستە.. مردووەکان وەک پارێزگار دەڵێت هیچ سوودێکیان نییە، لەکاتێکدا شەقامەکان پێویستییە بۆ جوانکاریی شار..

چیتە؟ دەڵێم شەقامەکان دەستیان گرت بەسەر گۆڕەکاندا، کەچی تۆ هیچ ناجووڵێیتەوە؟ دەستەکانت زۆر سەیرە، پیاڵە چاکەت بە دەستەوەیە، لەو کاتەوەی لە بەردەمتدا دانیشتوو، چاییەکەت سارد بووەوە.. وابزانم لەوە زیاتر ساردبووەتەوە.. حەزت لێیەتی سارد بێت، وەک مێشکت؟ بۆچی برژانگەکانت ناتروکێنی؟.. دەتەوێت شتێک بڵێیت؟ چۆن نەء، لەکاتێکدا دەمت کراوەیە بۆ وتنی شتێک.. یان خۆ ئامادەدەکەیت بۆ خواردن؟ تۆ برسیتە؟.. پیاوێکی وەک تۆ برسیی نابێت.. من هەست بە برسێتی دەکەم.. بەڵام ئەمە گرنگ نییە.. گرنگ ئەوەیە دەمانچەکەت هەڵکێشی و فیشکێکم پێوە بنێی پێش ئەوەی لە برسا بمرم.. نابینی مردن بە فیشەک چاکترە لە مردن بە برسێتی؟.. بەهەرحاڵ من بێتاوان نیم.. بڕوانە.. خوێن لە پەنجەکانم دەتکێ، دەچێتە کوونەکانی لەشمەوە.. گوێ بگرە.. ئەگەر بەردەوام بیت لەسەر بێدەنگییەکەت ئەوا فیشەکپرژێنت دەکەم، بە تەواوی هەروەک چۆن لەگەڵ مێردەکەم ئەنجام دا.. راستەکە خاوەنی یەک فیشەک و دەمانچە نیم، بەڵام دەمانچەکەت دەفرێنم.. وابزانم پڕە لە فیشەک؟.. ئای کە ئازارچێژم.

بیرم خوێنی لێ دەتکێ و دیواری ماڵەکەم سوورەو کراسەکەم پەڵاوییە بە.. بە.. هەست بە خنکاندن دەکەم لەگەڵ ئەوەی لە باخچە پڕ فەروخێرەکەتدا دانیشتووم.. ئەوا دوو سەعات تێپەری بەسەر کاتداو بەردەوامی لەسەر بێدەنگییەکەت..

ئەو دەنگە دەنگە چییە؟ گوێت لێیە؟ دەبینی ئەوانەی کە هاتن ڕادەکەن؟ دەترسم پاسەوانەکان بن؟.. شتێکیان پێ بڵێ.. هەر شتێک.. پێش ئەوەی.. ئەوەی.. نەء.. نەء.. لەشم چاک نییە بۆ بەکارهێنان.. تکایە.. بڵێ..

تکایە.. هاتووم بۆ بەر سێبەری ئەم بەردە، کە لە شێوەی مرۆڤدایە.. تەورم نییە.. بڕواتان بێت.. پێم وتن کە مێردەکەمم کووشتووە؟.. ماوەم بدەن با لە سەرەتاوە چیرۆکەکەتان بۆ بگێڕمەوە.

نیسان/٢٠٠٢

**سەرچاوە:**
کۆمەڵە چیرۆکی (کل شیء علی مایرام)